www.kurdistannet.org
22-6-2003 11:32

# ئازادی فێر نەکردین

# گورگ دەخوات، مەر دەخورێت، گیانداری سێهەم دروست بێت نە بخوات و نە بخورێت.

کازیوە سالح

ئازادی و دیموکراسی دوو چەمکن بە واتای سەرکەوتنی عەقل بەسەر خورافەدا، بە واتای یە کسانی سیاسی، دوو زاراوەیە بە واتای دابین کردنی ئازادی تاک کە لە سەر بنەمای ئازادی بیرورا دەربرین و ئاسایش و باڵا کردنی جولەو و گۆرانی مرۆڤ و ئازادی خۆ پالاوتن و هەلبژاردن و مافی دەنگدان و پراکتیک کردنی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ و. . . تاد، شێوەی گرتووە، کە زۆربەی خواست و خۆزگە و گەشبنیەکانی مرۆڤی تێدا بەرجەستە دەبێت، بە رێگە خۆشکردن بۆ نویۆ کردنەوەی کۆمەل و پرەنسیپی چەندێتی و فرەیی لە چوارچێوەی کۆمەلێکی مۆدرێندا، کە بەها بۆ ئینسانەکان فەراهەم بهێنێت، چونکە کۆمەلی مۆدرین ئەو کۆمەلە یە کە سیستمێکی دیموکراسی داگیری دەکات و بە پێی ئەو سیستمە خەونەکانی مرۆڤی تێدا بەرێوە دەبات و مافی مرۆڤی تێدا باڵادەست دەکات، وە هەتا ئەو سیستمی مۆدیرنەیە بە شۆرشی بالا بوندا تێنەپەرێ، گریمانەی فەراهەم هێنانی کۆمەلێکی مەدەنی دەبێ بە خەونێکی بە دی نەهاتوو.

پراکتیزە کردنی پرەنسیپی ئازادی و دیموکراسی لە کۆمەلێکدا باڵا دەستی حزب و گروپ و کەمینە خورافیەکان هەیمەنەی خۆیان بەسەر تاکەکانیدا دەسەپێنن، کارێکی مەحالە، بەڵام بە شێوەی تیوری و تەنها باس کردن دیکتاتۆرترین وولات و دەسەلات و دواکەوتوترینیان تەنانەت گروپە توندرەوە ئیسلامگەرەکانیش بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی دەکەن، وەکو سیاسیەکانی لە مەر خۆمان، ئەمە لە کاتێکدا نابێ باس لە دیمورکاسی و ئازادی بکرێت و رۆژانەش واتاکان و مافەکانی مرۆڤ هەلا هەلا و ئەتک بکرێت .

کۆمەلی ئێمەی کورد بەشێکی لە سالی *1991* وە لە دەستی داگیر کارانی رزگاری بووە و ئەزمونی ئازادی تاقی دەکاتەوە خۆشی ناوی لێناوە دیموکراسی، بەڵام بەر لەوەی زماوەندی دیموکراسی بکەین، گەیاندومانە بە جیابونەوە (تەڵاقدان) . پاش *12* سال، هەتا ئیستا بە ئاشکرا تفەنگ بە سەردلی ئازادییەوەد ەنرێت، چونکە توندو تیژی سەرجەم کەلتوری ئێمەی داگیر کردووەو مەودایەکی نەهێشتوەوتەوە بۆ هەلکردن و داننان بە بەرامبەردا، ئێمەش نەوەیەکی ئیفلیجی نێو ئەم جەنگەین، کەتەنانەت دەسەڵاتی رەخنەگرتن لە بەها و عەقلە ناعەقلانیەکانیشمان نیە، کە دەرگا لە سەر ژیانمان دادەخەن، گرفتی گەورەش لێرەدایە، لە کاتێکدا ئەو پرۆسەیە بە پلەی یەکەم ئەرکی رۆشنبیرانە پێوەری عەقل باڵا بکەن بەسەر کومەلە سیاسی و مەدەنی و خورافیەکاندا، چونکە دیموکراسی تەنها لە چوارچێوەی دەسەڵات و حکومەتدا جێگای باس نیە، پەیوەندێکی ئورگانی لە نێوان دیموکراسی لە ئاستی ووڵات و دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەلدایە، لە بنەمادا پەیوەندی بە بریاری کۆمەلەوە هەیە، نەک یوتوبیایی گروپگەرایی، ئاشکرایە ترسناکترین شەریش، پاشەکشەکردن و تاساندنی شەری ئازادیە .

چینی رۆشنبیرانی ئێمە و مێژوی نەتەوەی ئێمە بە قۆناغی جۆر بە جۆری چەوساندنەوەوکۆلونیالستی وداگیرکاری و ئاشتیدا تێپەریوە، ئەو قۆناغانەشی بە هەژمون خستنە سەر دەروون و ئومێد بە ئاییندە تێپەراندووە، کەچی هەنوکە گرەوی ئەو ئاییندەیە بە ئاسانی دەدۆرێنێ، چونکە ئێمە هەمیشە هاورێی شەرو ناکۆکیین و هەردەم دەبێ یوتوبیایەکی خوێناوی گرەوی ئاییندەمان لێبەرێتەوە، سەیرە هەمیشە

***مێژوویەکی گێژوحوێناوی دەچەقێتە دلی ئەوانەی لە مێژووی ژیان و واقع و مێژووی دەرەوەی وەهم نزیکن، دیارە دیموکراسیەت گەر بیەوێ بژی پێویستە سیستمێکی گەورەی بەرهەم هێنانی هەعریفە و دیموکراسیەت و پنتە مەدەنیەکان و کارخانەیەکی لە باربردنی یوتوبیای خورافی و رەمزە وەهمیەکان هەیە، تەنها بە لێکدانی ئەبستولۆژیا و ئازادی و لە باربردنی ئەو جۆرە یوتوبیایەدیموکراسی دەتوانی گەمەی بەختەوەری لە گەل مرۆڤەکاندا بکات، چونکە مەحالە یوتوبیانە سیاسەت بکرێت، لەلایەک یوتوبیانە سیستمی کۆمەڵایەتی و ئاینی ومەزهەبی پرەنسیپی وێرانکاری لەسەر ویژدانی تاک دابنێت و لە لایەکیش باس لە پرۆژەی بە عەقلانی کردنی کۆمەل بکەین، ناویشی بنێین پرۆژەی ئیستا و ئایندە، ئاخر هەر ئەمەشە وادەکات هەندێکمان باوەر بە یوتوبیا بکات و یوتوبیانە خەون ببینێت گوایە لە جیهانێکی بێوەی و پر ئازادیدا دەژی، کە نە گورگ بخوات و نە مەر بخورێت، گیانداری سێهەم دروست ببێت نە بخوات و نە بخورێت، بەڵام دواجار رووبەرووی ئەو جەنگە دەبینەوە کە تەنها هەرەس بە یوتوبیای گیانداری سێهەم دەهێنێ .***

***ئەمرۆ لە سایەی حزبە سیاسیە دواکەوتوەکانی کوردستان و ئایدۆلۆژیە بە ئیسلامکراوەکاندا، نیاز ئەوە دەخرێتە بەر رۆشنبیر کە جگە لە هەستی یوتوبی هیچ هەستێکی رادیکالی بەرامبەر چەندایەتی و فرەیی نەمێنێ کە بنەمای سەرەکی دیموکراسین، کەسیشمان لەوە ناپرسین ئەو نیازە نەزوکەی پراکتیک دەکریت بە دوایدا هیچ ئایۆلۆژیایەک گرێدانەوەی مرۆڤەکان بە یەکەوە نادەن، ئەم پرۆسەیەش بە رادەی یەکەم بە نیازی کۆلۆنیازەکردنی فکرو ئەندێشەی مرۆڤی کوردە، ئەمەش دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆلۆنیالیزەکردنی نەتەوەو نیشتمانی ئێمەیە، کە سەردەمانێک پرۆسەی دەستی فاشیەکانی بەعس بوون، چونکە کاتێک مرۆگەرایی گروپێک باڵا دەکرێت لە سەر حسابی گرۆپێکی تر، نەوی کردنی هەستی گرۆپێک بە خاتری زالخوازی گروپێکی تر، تەنها سەربرینی مافی مرۆڤ نیە، بەلکو دروستکردنی هێزێکی سەرکوتکاریشە، کاتێک گرۆپێک مافی ئەوەی هەبێت منبەرەکانی بکات بە فاکتەرێک بۆ چەوساندنەوەی منی مرۆڤ، ئایدیایەکەم ناشیرین و لەکە دار بکات لە رێگەی کۆنترۆلی جیا جیاوە کە هەرە دیاریان لە ناو کوردستاندا ناوناتۆرەو بوختان و تیرۆری رۆحی و چەوساندنەوەی رەمزی و کارپێنەدان و گرفت بۆ دروستکردن لە هەموو کاروبارێکدا و تادەگات بە تیروری جەسەدی، هەموو ئەمانەش بە ناوی هەلوێست و داکۆکی کردن لە مەشروعیەتێکی نامەشروع کە خۆیان دروستیان کردوە و دەیان موزایدەی سیاسی تر ئەمانەش هەمووی لە ژێر پردە و دروشمە زەقەکانی ئەو دیموکراسێدا دەکرێ کە بانگەشەی بۆ دەکەن و پێناسەکەشی نازانن، بە تایبەت کە منی بەرامبەریش بە ئەوی باڵا مافی وەڵام دانەوەو راستکردەوەی هەلە و درۆ زەقە کانی ئەوم نەبێت، واتە چەوسێنەرەکەم هاوڵاتی نمرە یەکەو منیش هاوڵاتی نمرە دوو.***

***ئاخۆ سروشتی ئەو دەم گەرمیە چیە لە پشتی گروپی نامەسئولەوە لەنگەر دەگرێت، مەگەر ئەو متمانە ناراستەوخۆ و راستەخۆ نیە کە لە و خەلکەی ئەو بە نمرە دووی دادەنیت کە مافی هەلبژاردن وجێگرتن و چونە کایە سیاسیەکانی لێوەدەست هێناوە ئەو هێزەی پێبەخشیون، کەچی لێوەی فێرنەبوون کە دیموکراسیەت هەلکردنی بیرورا جیاوازەکانە، بەڵام دەبینین بەر لە هەموو کەس دژ بە دەنگانەن کە مژدەی کۆمەلێکی مەدەنی و پرۆژەی عەقلانیان پێیە، چونکە ئەو هێزە خورافیانە توانای وێناکردنی میتۆدە جیاکانی فکرو مەعریفەیان نیە، هەموو ئەو میتۆدانەش دەخاتە ژێر چەتری چەند د رۆشمێکی ناراستەوەو مسودەدەکەشی بە رەشی هەلدەگرێت، بەڵام رۆشنبیران پێویستە لە واقعێکی لەو جۆرەدا زیاتر هەست بە لێپرساوێتی بکەن، هەتا سەرکوتکردنیش بە دەستی خەلکانێکی سەرکوتکار لە تەشەنەکردندا بێت، پێویستە رەخنەی ئازادی خوازانەش زیاترو رەهەندەکانی قولتر بێت و چونکە ئەوەی ئێستا لە لە***

گەل ئازادی گوتن و رادەربریندا پێی لە سەر دادەگیرێت و جەختی دەخرێتە سەر، هەتیو خستنی لەوە زیاتری باری رۆشنبیری و لە باربردنی بەها جوانەکانە.

دەیان هێز لە ئارادان کە دەخوازن و تیدەکۆشن بۆ ئەوەی خەونی مرۆڤ رامبکەن و تەجریدی بکەن لە هەموو خەونێکی بەرهەم هێنەر، بە تایبەت ئەگەر ئەو خەونە بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی مرۆیانەو دیمکراسیانەی راستەقینە بێت، بەڵام ئالێرەدا هێزی ووشە دێتە روو بۆ بەرگریکردن چونکە ووشە گەمەی مرۆڤە لە گەل گۆراندا و ئەو کاتەش بەرگری نامێنێت دەسەڵاتی ووشە و دەسەڵاتی مرۆڤ کال دەبێتەوەومەوداکانی خەون بینین ئیجگار کورتدەبێتەوە بە رادەیەک ژیان ناشیرین دەکات، ئەو جۆرە هەلوێست و تۆقاندنانەش کە دەسەلاتداران دەیخەنە بەر رۆشنبیران نابێ نوچدان بەرهەم بهێنێت چونکە هەموو نوچدان و هەستانەوەیەک پاپەندە بە خەونی مرۆڤەکانەوە خەونی رۆشنبیریش پێویستە گەمەی ژیان بێت بە جێگۆرکێ و گۆران وهێزی داهینەرانەی بە عەقلانی کردن و مەدەنی کردنی ئایدیای جیهانی کورد گرنگ ئەوەیە بتوانرێت گەر لە چەمکێکی بچوکیشەوە بێت ئەو هێزە بۆ ژیان دروست بکرێت و دووبارە بەرهەمی بهێنینەوە، ئەو بەزاندن و سنوردانانەش کە بۆ مرۆڤ و بە تایبەت رۆشنبیران دادەنرێت جگە لە هەلکشانیان بەو رێگایانەی کە روناکی وگەمەی ژیان و پرەنسیپی مەدەنی و دیمرکراسی تێدا تاقی نەکردوەتەوە هیچی تر نین، وەکو فرۆیدیش دەلێ : ژیان بەهایەکی گەورەی نیە، بەلام ئەوەی هەمانە تەنها ژیانە .

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**